هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٦٧) لە ٢٠٢٠/٧/٨

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، و لەبەر رۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٣) لە ٢٠٢٠/٧/٨، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پەسەندکردنی ڕەشنووسی ڕێنمایی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو تایبەت بە ڕێکخستنەوەی گرێبەستە کشتوکاڵییەکان و بڕیارەکانی دابەشکردنی زەوی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان بە مەرجێك مادده و برگەکانی ئەم ڕێنماییە ناکۆك نەبێت لەگەڵ حوکمی یاسا بەرکارەکان بەتایبەتیش یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی ژمارە (١١٧)ی ساڵی ١٩٧٠، و یاسای ڕێکخستنی مافی دەستکاری زەوی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٨. بۆ ئەم مەبەستەش، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو هەماهەنگیی پێویست لەگەڵ ئەنجومەنی شووراى هەرێمی کوردستان دەکات.

٢. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران